# خەون و واقیع لە لوتکە سێقۆڵییەکەی بەغدا

01-07-2021

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو

**کورتە :** لەدوای سەردانە مێژووییەکەی پاپا بۆ عێراق لە بەهاری رابردوو، حکومەتی عێراق، مەراسیمێکی گەورەی بۆ پێشوازی بۆ عەبدلفەتاح سیسی سەرۆککۆماری میسر و شا عەبدوڵڵای پادشای ئوردن لە بەغدا رێکخست. ئەم لوتکە سێقۆڵییە کە بەشێوەیەکی بەرفراوان چاوی میدیای ناوخۆیی و دەرەکیی چووە سەر، چەند ناوێکی تری نافەرمی لێنراوە "رۆژهەڵاتی نوێ"، "شامی نوێ"، کە بەشێوەیەکی گشتی دەرگا دەکاتەوە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا ئەگەر کرا سوریا و لوبنانیش بگرێتە خۆی کە ئێستا گیرۆدەی کێشەی جۆراوجۆرن و لە دابڕانێکی گەورەدا دەژین.

یاسین تەها|

لەدوای سەردانە مێژوییەکەی پاپا بۆ عێراق لە بەهاری رابردوو، حکومەتی عێراق، مەراسیمێکی گەورەی بۆ پێشوازی بۆ عەبدلفەتاح سیسی سەرۆککۆماری میسر و شا عەبدوڵڵای پادشای ئوردن لە بەغدا رێکخست. ئەم لوتکە سێقۆڵییە کە بەشێوەیەکی بەرفراوان چاوی میدیای ناوخۆیی و دەرەکیی چووە سەر، چەند ناوێکی تری نافەرمی لێنراوە "رۆژهەڵاتی نوێ"، "شامی نوێ"، کە بەشێوەیەکی گشتی دەرگا دەکاتەوە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا ئەگەر کرا سوریا و لوبنانیش بگرێتە خۆی کە ئێستا گیرۆدەی کێشەی جۆراوجۆرن و لە دابڕانێکی گەورەدا دەژین.

ئەم پرۆژە ئابووری و گردبوونەوە سیاسییە هەرێمایەتییە، زیاتر لە هیوایەکی هێزە شیعە عێراقییە میانڕەوەکان و هەندێك لە هاوپەیمانە سوننەکانیان دەچێت بۆ بڕێک دوورکەوتنەوە لە هەژموونی ئێران و تورکیا بەئاراستەی ئوردن و میسر. هەردوو وڵاتە عەرەبییەکەش بۆ عێراق، لەلایەک وەك دەروازەیەکن بۆ گەیشتن بە دەریای ناوەڕاست و تەواوکەری هەندێك لەپێداویستییەکانی عێراقن و لەلاکەیتر، بەوپێیەی کە میسر هەندێ شارەزایی پیشەسازی و بەرهەمهێنانی هەیە و بەهۆی سامانی گازی سروشتیشەوە یەکێکە لەسەرچاوەکانی وزەی کارەبا لە ناوچەکە، دەتوانێت بۆ عێراق گرنگ بێت.

دەرەنجامە تیۆرییەکانی هاریکارییە سێقۆڵییەکەی عێراق لەگەڵ میسر و ئوردن، بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی بە پەیوەستبوونی هێلی کارەبا و فرۆشتن و پاڵاوتنی نەوت و ئاڵوگۆڕی زانیاری و ئەزموونەوە هەیە لەڕووی هەواڵگری و هەروەها ئابوورییەوە، لە ئێستادا بۆ عێراق گرنگن. لەڕووی سیاسیشەوە دەرفەت و چانس و بژاردەیەکی نوێن، بەڵام لەڕووی کردارییەوە لەمپەر و رێگریی زۆریان لەبەردەمدایە، لەوانەش نەبوونی ئۆقرەیی سیاسی و شلۆقی دۆخی حکومەت لە عێراق کە ئەوەی ئێستا (کازمی) کاتی و راگوزەرە و تەمەنی حکومەتی پێش ئەویش تەنیا ساڵێك بڕی کرد.

بیرۆکەی پرۆژەکە لەوەدا کورت دەبێتەوە کە سامانی نەوتی عێراق و هێزی مرۆیی میسر و پێگەی جیۆپۆلەتیکی ئوردن ببنە تەواکەری یەکتر. بەڵام کاردانەوەی عێراقییەکان لە میدیا و سۆشیالمیدیا، بایی ئەوە ئاماژەی تێدابوو کە بە دردۆنگی و گومانەوە لەم هەنگاوە دەڕوانن. بەوپێیەی میسر و ئوردن خاوەن ئابوورییەکی قەرزار و داتەپیون و ناتوانن شتێکی ئەوتۆ پێشکەش بە عێراق بکەن، جگە لەم لێکدانەوەی زەرەر و قازانجە، لەمپەری دیکەی سیاسی لەبەردەم پرۆژەکەدا هەن، چونکە عێراقی ئێستا جیایە لە عێراقی سەردەمی "ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو" کە سەدام حسێن و شا حوسێن و موبارەك و عەلی عەبدوڵڵا ساڵح، لە کۆتایی هەشتاکاندا پێکیانهێنا و لە گرتنی کوەیتدا کۆتاییهات. هەر بەم هۆیەشەوە زۆرینەی شیعەی عێراق کە باڵادەستن بەگومانن لە مرازی وڵاتانی سوننە بەتایبەت ئەوانەی پەیوەندییان لەگەڵ ئیسرائیل باشە. هێشتا ئەوەشیان بیرنەچووە لەدوای 2003 ساڵانێکی زۆر ئەو وڵاتانە بایکۆتی پرۆسەی سیاسی عێراقیان کرد چونکە پاش هەشتا ساڵ لەمێژووی سیاسی و حوکمڕانی لە عێراق جڵەوی کەوتە دەست هێزە سیاسییەکانی شیعە.

جگە لە لەمپەرە ناوخۆییەکان، تەحەدای گەورەی لوتکەی سێقۆڵی هەردوو دەوڵەتی دراوسێی عێراقن لە رۆژهەڵات و باکوورەوە؛ ئێران و تورکیا. عێراق رۆژانە 50 ملیۆن مەتر سێ جا، گازی سروشتی لە ئێران هاوردە دەکات بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا، لەکاتێکدا گازە سروشتییەکەی خۆی کە لەگەڵ دەرهێنانی نەوتدایە، بەفیرۆ دەڕوات و بەبێ کەڵك وەرگرتن لە هەوادا دەسووتێت. قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازگانی نێوان عێراق و تورکیاش ساڵانە 20 ملیار دۆلارە و تورکیا پلان و هەوڵی هەیە بەرزی بکاتەوە بۆ 50 ملیار، ئەمە جگە لەوەی بەهۆی بەندەری جەیهانەوە رێگەی هەناردەکردنی نەوتی عێراقە، ئەمانەش لەمپەرن بۆ ئەوەی ئەم دوو دەوڵەتە رازی بن عێراق لەڕووی ئابوورییەوە جێگرەوەیتر بدۆزێتەوە. بەتایبەت ئەگەر ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە ئێران و تورکیا زیاتر لەکارت و بژاردەیەکیان هەیە لە عێراقدا ( نفوزی ئەمنی و باڵی سەربازی و دۆسیەی ئاو و... هتد)، بەپێچەوانەی میسر و ئوردنەوە کە لەئێستادا کاریگەریی ئەوتۆیان نییە و بەپێچەوانەشەوە وەك سوودمەند و بار بەسەر ئابووری عێراقەوە تەماشا دەکرێن.

هەرچەندە ئەم هەنگاوەی کازمی زیندووکردنەوەی خەونێکی سەردەمی عەبادی و شۆیەکی سیاسی و دیبلۆماسی گەورەبوو بۆ کابینەکەی، بەڵام وادیارە لە رۆژانی داهاتوودا دەبێتە هەوێنی مشتومڕ و ناکۆکی ناوخۆیی، بەتایبەت پاش ئەوەی بەوە تۆمەتبارکرا کە ئامانج لێی لەباربردنی رێککەوتننامەی ستراتیژیی عێراق و چینە کە هی سەردەمی عەبدولمەهدییە و، هەمیشە لەلایەن هێزە شیعەکانەوە وەك فریادڕەستی ئابووری عێراق وێنا دەکرێت بەم هۆیەشەوە دوور نییە ئەم پرۆژەیەش بەدەردی هەوڵی وەبەرهێنانی سعودیە لە ملیۆنەها دۆنم زەوی عێراقدا بچێت بۆ کشتوکاڵ کە بەبیانوی زیانگەیاندن بە ئاوی ژێرزەوی عێراق هەندێ لە هێزە شیعە باڵادەستەکان لەباریان برد.